www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:05 17-10-2006

# دۆگمایی رۆشنبیران لەدیموکراسی و خۆپێشاندان ... بەناز کوێستانی



کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە، کەلەسەرەتای مومارەسەکردنی دیموکراسیدایە، دیموکراسیەك کەتەنها فێری وشەکە بووین بەکاری بهێنین لەنێو نووسین و وتارو دیالۆگەکانماندا، بەبێ ئەوەی بەقوڵی لەچەمکی دیموکراسی وردبینەوە بزانین لەناوەرۆکدا دیموکراسی چییەو چۆن دەتوانین مومارەسەی بکەین لەژیانی رۆژانەماندا، کاتێك بەتێروانینیکی قوڵەوە لەزارەوەکەو واتاکەی گەیشتین و زانیمان چۆن سەری هەڵداوەو چۆن گەشەی کردووە لەوشوێنەی سەری هەڵداوە چۆن مومارەسە دەکرێت، ئەو کاتە دەتوانین وشەی دیموکراسی بەکار بینێن و دیالۆگی لەسەر بکەین، ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین کەلێپرساوە حزبی و حکومیەکانمان زۆربەی زۆری نەخوێندەوارە، نەخوێندەوار بەواتا هۆشیاریەکەی و هەزم نەکردنی واتاو کردارەکەی وشەی دیموکراسییە لەلایان، کاتێك پێشرەوانمان بەو شێوەیە بن و تەحەمولی ئەوە نەکەن و نەیانەوێت لەواتای دیموکراسی بکەن و پێیان قبولر نەبێت، ئەی باشە هاوڵاتی بەتایبەتیش چینی فەرمانبەرو کاسبی ناو بازار چۆن لەم وشەیە بگەن و چۆن بتوانن بیهێننە پێش چاوی خۆیان بیانەوێت بیخەنە دۆخی کرداریەوە، کەواتە موشکیلەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کەتێنەگەیشتنە لەوشە و کرداری دیموکراسی، هەر کاتێکیش بەتەواوەتی لەوە گەیشتین، ئەوسا دەتوانین راڤەی وشەو کرداری خۆپێشاندان بکەین، چونکە تادیموکراسی بەرقەرار نەبێت ناتوانین کردارێکی وەك خۆپێشاندان و نارەزایی دەربرین بەکردارێکی ئیجابی سەیر بکرێت، چونکە تێنەگەیشتنەکە لەسەرچاوەکەوەیە.

- زۆرجار خۆپێشاندان دەرەنجامی زۆری گەندەڵی دام و دەزگا حکومی و حزبیەکانە و ئەوان رێخۆشکەر دەبن، بۆنمونە ئێستا لەکوردستاندا نەبوونی پێداویستیە سەرەکیەکان و مافە سەرەتایەکانی هاوڵاتی وای کردووە، کەهەردەم هاوڵاتیان لەدەرفەتێك بگەرێن کەبیانەوێت رق و قینە و بێزاریەکانی خۆیان بەرامبەر دەسەڵات دەربرن، ئەویش هەر لەنەبوونی سوتەمەنی بەنەوت و بەنزین و غازو، خراپی کارەباو کەمی ئاو، گرانی ناو بازارو کەمی موچە، کەئەمەش بەراستی هەقی هاوڵاتیانە کەلەسەر ئەم شتانە خۆپێشاندان بکەن و نارەزایی بەرامبەر بەدەسەڵات دەربرن، ئەو هۆکارەش کەدەبێتە یارمەتیدەر بۆ هاوڵاتیان بەتایبەتیش ئەوەی نوێ ئەوەیە کەجیهانی ئەمرۆ کراوەیە بەئامێرە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان و لەو رێگەیەوە چاویان بەجیهانی دەرەوە دەکەوێت و دەزانن لەوێ چ باسە، بۆیە ئەمانیش کاتێك بەخۆیاندا دەچنەوە، ئەم وەزعەیان پێ قبولر ناکرێت و هەوڵ دەدەن بۆ گۆرانکاری، بەهەڵچون و تورەیی و هەندێ جاریش بێ بەرنامەییەوە ئەو کارە دەکەن، کەئەمەش شتێك نییە رەخنەی لێ بگیرێت، چونکە لەسەرتاسەری دونیادا بەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە، ئەو جۆرە خۆپێشاندانانە دەبێت و هەندێ جاریش زەرەرو زیانێکی زۆریش بەدەزگا حکومی و رێکخراوەیی و حزبیەکان دەگەیەنن، بۆیە نابێت ئێمە بەشتێکی نامۆ سەیری بکەین و نەوەی نوێ بەوە تاوانبار بکەین، چونکە ئەوانیش مافی خۆیانە داوای خۆش گوزەرانی و دابینکردنی پێداویستی و مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن، بەلام کردارەکە وەستاوەتە سەر ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی ئەو کەس و لاوانەی کەرابەرایەتی ئەو جۆرە خۆپێشاندان و نارەزاییانە دەکەن، گرنگ ئەوەیە نەوەی نوێ گوێی

خۆی نەخەوێنێت لەو کەم و کوری و دیاردەو پێداویستیانەی کەلەکۆمەڵگەکەماندا دیارەو پێویستیان پێیەتی و هەروەها کۆچ نەکات بەرەو هەندەران بۆ دەرباز بوون لەو بارودۆخەی کەئەمرۆ کۆمەڵگەکەمانی داپۆشیوە بەڵکو بەهەر شێوازێك بێت هەولڕ بدەن بۆ گۆرانکاری و داهێنان.

-لایەنێکی تر لەکردەو بەشداریکردن لەخۆپێشاندان، هەڵوێستی رۆشنبیران و بەناو نووسەرانە، رۆشنبیرانی کۆمەڵگەی ئێمە لەئەزەلەوە خۆ بەزل زانینێك لەدەروونیاندا لەدایك بووە، ناتوانن خۆیان لەو جۆرە خۆبەزل زانینە دەرباز بکەن وەك هاولاتیەك کردار بکەن، بۆیە دەبینین لەکاتی خۆپێشاندانەکاندا، ژمارەیەکی کەمیان بەقەڵەم و نووسینەکانیان پشتگیری لەو کردارە دەکەن و هاولاتیان هان دەدەن، بەلام ئایا تا ئێستا کێ بەناو رۆشنبیرێکی دیووە لەناو خۆپێشاندەراندا بووبێت و بەکردارو هەڵس و کەوت پشتگیری لێ کردبن و لەگەڵیاندا بووبێت، کێشەکە خۆی لێرەوە دەست پێدەکات، کە رۆشنبیرانی ئێمە کەسایەتیەکی دۆگمان لەگەلڕ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەو هاولاتیاندا هەرگیز ناتوانن خۆیان لەودۆگما بوونە دوور بخەنەوەو وەك کەسایەتی و هاولاتیەکی سادە رەفتار بکەن، بۆیە هەمیشە دەبنە سەرچاوە و رێخۆشکەرو هاندەری کردەکان، بەلام خۆیان لەدوورەوە سەیری دەکەن تاوەکو پشکی ئاگر لەو کاتەدا نەیانگرێتەوە، ئەگەر رەوتەکەی بەرەو خراپی رۆی ئەوان بەدیوەکەی تردا بادەدەنەوە، ئەمە جگە لەوەی کەزۆربەی زۆری رۆشنبیرانی ئێمە سەر بەدەسەلات و حزب و حکومەتن و هەمیشەش قەڵەمەکانیان لەخزمەتی ئەوان و پۆست و کورسیدایە، لەبەر ئەوە هەرگیز چاوەروانی ئەوە ناکەم کە رۆشنبیران رۆلڕ و کاریگەریان هەبێت لەگۆرانکاریەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

-پێویستە و گرنگە پێش هەمووشتێك دەسەلاتداران و حکومەت و بەرپرسان و هاولاتیان لەچەمك و مەفهومی دیموکراسی تێبگەن، ئەوسا هەستن بەمومارەسەکردنی کردارەکانی تر کەدەرهاویشتەی کرداری دیموکراسین لەم کۆمەڵگەیەدا.